Kurdistan Regional Government
Ministry of Health
Directorate of Health - Erbil

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی تەندروستی
فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
بەشی پلان دانان و فێرکردنی تەندروستی

ژمارە : ١١٧٤٢

بەروار: ٢٠ / / ٢٠٠٩

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتي تەندروستي دەوروبەری شار**
**بابەت/ خولی تیشک وسونەر**

ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتمان ژمارە (١٠٧٥٢ لە ٢٠٠٩/٩/٤)

بڕیاردرا بە کردنەوەی خولی تیشک وسونەر بۆ سالی (٢٠٠٩-٢٠١٠) ماوەی پێشکەش کردن لە (١/١٠ تا ٢٠٠٩/١١/١٥) دەبێت وهاوپێچ مەرجەکانی وەرگرتن لە خولەکە تکایە ئاگاداری هەموو پزیشکەکان بکەنەوە لەگەل ڕێزماندا.

**د.خالد علي عبدالله**
**بەڕێوەبەری گشتی**

وێنەیەک بۆ /
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- بەشی پلان دانان فێرکردنی تەندروستی/ کاروباری هونەری/ تکایە.
- مالیەری فەرمانگەکەمان/ بۆ بلاوکردنەوە تکایە.
- ( د.سعید ناظم ) سەرۆکی بەشی تیشک و سونەر/ بۆ زانین تکایە.
- ب.ت.سوران/ ب.ت.چۆمان /ب.ت.بارزان/ب.ت.شەقلاوە/ کەرتی تەندروستی مەخمور/ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە.
- خۆیەتی.

Kurdistan Regional Government-Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Health
General Directorate of Health Affairs

حکومەتی هەرێمی کوردستان –عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی

ژمارە: ١٠٧٥٢
ڕێکەوت: ٢٤/ ٩/ ٢٠٠٩

بۆ/ فەرمانگەی تەندروستی هەولێر– سلێمانی–دهۆك–گەرمیان–ڕانیە–شارەزور–کۆیە

ب/ خولی تیشك و سۆنار

هاوپێچ لەگەڵ نووسراومان وینەیەك لە مەرجەکانی وەرگرتنی خولی تیشك وسۆنار بۆ ساڵی ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ بۆتان ڕەوانە دەکەین بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست وە ئاگاداری سەرجەم ئەو پزیشکانەی ئارەزوومەندیان هەیە لەم بەشە بۆ پێشکەش کردنی داواکاریان بە پێ ی مەرجەکان.. لەگەڵ ڕێزماندا.

**هاوپێچ:.**

مەرجەکان.

د. عبدالرحمن عثمان یونس
وەزیر

**وێنەیەك بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بفەرموون بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- ب. گشتی کارگێری و دارایی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی.
- دۆسیەی خوولی تیشك وسۆنار/ کاك نجاة / لەگەڵ بەراییکان بۆ جێ بە جێ کردنی.
- خولاو.

ژاڵە ٩/١٣ کارگێری کاك نجاە

## مەرجەكانی وەرگرتنی خولی تیشك و سۆنار بۆ سالّی ٢٠٠٩ – ٢٠١٠

**مەرجەكان :.**

١. داواكار تەمەنی لە ( ٣٠ ) سی سالّ زیاتر نەبیّ.

٢. دەبیّت ماوەی نیشتەجیّ ی خولاو و پلە بەندی تەواو كرد بیّت .

٣. نابیّت لە پزیشكانی راهیّنراوی لقی بیّ ( ممارس الفرع ).

٤. دەبیّ لە تاقی كردنەوە بە سەركەوتوویی دەرچوو بیّ پیّش وەرگرتنی لە خولەكە.

٥. دەبیّت بە بەردەوامی لە خولەكە بەشدار بیّ بە بیّ پچراندن تەنها لە كاتی زۆر پیّویست وەك مۆلەتی دوو گیانی و لە دایكبوون و دایكایەتی گەر هاتوو مۆلەتەكە لە ( ٣٠ ) سی رۆژ زیاتر بوو ئەوا لە خوولەكە دەترازیّت.

٦. ئەگەر پچرانی مەشقكردووی خولەكە زیاتر بوو لە ( ٣٠ ) سی رۆژ ئەوا لە خولەكە دەترازیّت

٧. ناونیشانی پیشەیی بەشدار بوو لە خولەكە دەبیّتە مەشقكردوو و مامەلەی پزیشكی نیشتەجیّی دیّرینی دەگریّتەوە لە هەموو كارو ئیمتیازاتیّك.

٨. بەخشینی پلەی پزیشكی راهیّنراوی تیشك و سۆنار پاش تەواو بوونی خولەكە بە سەركەوتوویی.

٩. پیّش كەش كردنی بەلیّنی دەست نوسی پەسند كراو لە لایەن فەرمانگەی دادنوسی پاریّزگا بە كاركردن پاش تەواو كردنی لە نەخۆشخانە و بنكە تەندروستییەكانی دەرەوەی شار لەبەر ئەوەی فەرمانگە تەندروستی یەكان پیّویستیان بە پزیشكی راهیّنراوی تیشك و سۆنار لە دەرەوەی شار هەیە.

١٠. پیّش كەش كردنی بەلیّن نامە لە لایەن بەشداربووی خوولەكە بە كاركردنی بۆ ماوەی ( ٣ ) سیّ مانگ لە بەشی هەناو وە ( ٣ ) سیّ مانگ لە بەشی نەشتەرگەری گشتی وە ( ٢ ) دوو مانگ لە بەشی دادگوزاری پیّش دەست پیّكردنی خولەكە.

١١. داواكارییەكان راستەوخۆ پیّشكەش بە دیوانی وەزارەتی تەندروستی دەكریّ وە هەروەها ئەنجامی تاقیكردنەوەكەش ئەنجام دەدریّت لە لایەن لیژنەی تایبەت بە خولەكە وە پاش پەسند كردنی بریارەكە لە لایەن بەریّز جەنابی وەزیر بریار دەدریّت بۆ وەرگرتنیان.

١٢. كاتەكانی پیّشكەش كردن و دەست پیّكردنی خولەكە بەم شیّوەی خوارەوەیە :

أ- ماوەی خولەكە ( ١٨ ) هەژدە مانگە.

ب- وەرگرتنی داواكارییەكان لە ماوەی ٢٠٠٩/١٠/١ تاكو ٢٠٠٩/١١/١٥ .

ج- ئەنجامدانی تاقیكردنەوە لە ٢٠٠٩/١٢/٢٠ دەكریّ.

د- دەست پیّكردن بە دەوام لە بەشەكانی هەناو و نەشتەرگەری گشتی و پزیشكی دادگوزاری لە ٢ ١ ٢٠١٠

ە- دەست پیّكردن بە دەوام لە خولی تیشك و سۆنار لە سەرەتای مانگی تشرینی یەكەم سالّی ٢٠١٠ دەبیّ.